STATE OF WASHINGTON
DEPARTMENT OF SOCIAL AND HEALTH SERVICES
DIVISION OF CHILD SUPPORT (DCS)

# داخوازی پێداچوونەوە بە فەرمانی هاوکاری منداڵ
# Child Support Order Review Request

بۆ:

لە کەیسی:

ژمارەی دۆسیە:

ڕێکەوت:

## زانیاری لەسەر بەرنامەکە

بەڕێزت داوات لە بەشی هاوکاری منداڵ ناسراو بە (DCS) کردوە بۆ دەستکاری کردنی (گۆڕینی) فەرمانی هاوکاری منداڵەکەت. دوو ڕێگا هەیە کە دەتوانیت فەرمانەکەدا بگۆڕیت:

1. داوایەک لە دادگا بەرز بکەرەوە، خۆت یان پارێزەرێك دەتوانێت ئەمە بکات.
2. داوا لە DCS بکە کە پێداچونەوە بە فەرمانەکەدا بکات.
   a. DCS ناتوانێت ببێتە بریکار یان ڕاوێژی یاسایی نە بۆ تۆ نە بۆ لایەنی بەرامبەر دابین بکات.
   b. DCS تەنها پێداچوونەوە بە زانیاریەکانتدا دەکاتەوە.
      (1) ئەگەر فەرمانەکە شمولی مەرجەکانی پێداچونەوەی **نەکرد**، ئەوا DCS هیچ هەنگاوێکی زیاتر نانێت.
      (2) ئەگەر فەرمانەکە شمولی مەرجەکانی پێداچونەوەی **کرد**، ئەوا DCS کەیسەکەت دەنێرێت بۆ ئۆفیسی بریکارێکی داواکار یان داموودەزگایەکی دیکەی هاوکاری منداڵ (لە کاتی پێویستدا) بۆ ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەک. ئەمانەش مەرجەکانن:
         (a) پێویستە DCS ناونیشانی ئێستای هەردوو لایەنی پەیوەندیدار بە فەرمانەکەی لابێت.
         (b) ویلایەتی واشینتۆن دەبێت دەسەڵاتی بەسەر هەردوو لایەنەکەدا هەبێت.
         (c) لانی کەم 3 ساڵ تێپەڕیبێت بەسەر جێگیرکردنی دواهەمین بڕەپارەی دیاریکراودا یان بتوانیت بیسەلمێنیت گۆڕانکاریەکی زۆر بەسەر بارودۆختدا هاتووە.
         (d) بڕە پارەی هاوکاری، کە لە ئێستادا لە فەرمانەکەدا دیاری کراوە، دەبێت بیست و پێنج لە سەد لە سەرو یان خوارەوی ئەو بڕە پارەیە بێت کە کۆتاجار لە ***خشتەی هاوکاری منداڵی ویلایەتی واشنتۆن*** دیاری کراوە، هەروەها دەبێت جیاوازی نێوان ئەو بڕە پارەیەی ئێستاو بڕە نوێیەکە 100 دۆلار کەمتر نەبێت بۆ هەر مانگێک.
         (e) پێویستە لانی کەم بە بڕی 2،400 دۆلار گۆڕانکاری بەسەر کۆی گشتی ئەو بڕە پارەیەدا بێت کە لە ماوەی ئەم فەرمانەدا دەدرێت.

         تێبینی: تەنها حاڵەت کە ئەو 2 مەرجەی سەرەوە جێبەجێ نابێت بەسەریدا ئەوەیە کە هەبوونی بیمەی تەندروستی نەکراوە بە مەرج بەپێی فەرمانەکە.

ئەگەر ئەو منداڵانەی کە لە فەرمانەکەدا ناویان هاتووە هاوکاری دەوڵەت یان هاوکاری تەندروستی وەربگرن، ئەوا یاسای تایبەت پەیڕەو دەکرێن.

1. هەموو 35 مانگێک، DCS خۆی بە شێوەیەکی خودکارانە هەڵدەستێت بە پێداچوونەوە بە فەرمانەکەدا بە مەبەستی دەستکاریکردنی و گۆڕینی.
2. ئەگەر پێویستت بە هاوکاری DCS نییە و خۆت دەتەوێت فەرمانەکە بگۆڕیت، ئۆفیسی بریکاری داواکار یان DCS دەبێت ڕەزامەندی دەربڕن لەسەر ئەو خاڵانەی کە پەیوەستن بەو هاوکاریەی کە دەدرێت بە ویلایەتی واشنتۆن بۆ سەرفکردنی لە منداڵەکەدا.

**ئەگەر دەتەوێت DCS بە فەرمانەکەدا بچێتەوە، پێویستە لاپەڕەی 2 و 3 ئەم فۆڕمە بە پرکراوی بگەڕێنیتەوە بۆمان. بۆ زانینی هەموو داواکارییەکان، سەیری ڕێنماییەکانی لاپەڕەی 2 بکە.**

Washington State Department of Social & Health Services
DCS Division of Child Support

# داخوازی پێداچوونەوە بە فەرمانی هاوکاری منداڵ

## Child Support Order Review Request

ناوی داواکار: ژمارەی کەیس:

**ڕێنماییەکان**

ئەگەر دەتەوێت DCS پێداچونەوە بە فەرمانەکەدا بکات بە مەبەستی دەستکاری کردن و گۆڕینی، ئەم فۆڕمە بەکەربهێنە.

هەموو ئەم فۆڕمە، جگە لە واژۆکەت، دەبێت بە چاپ بنوسرێت و پڕبکرێتەوە. ڕەنگی ڕەش یان شین بەکاربهێنە.

واژۆی سەرجەم فۆڕمە پێویستەکان بکە و بیانگەڕێنەوە بۆ ئەو ناونیشانەی لە لاپەڕە 3 دا دانراوە. ئەگەر تۆ داموودەزگایەکی تایبەت بە هاوکاری منداڵی، ئەوا بریکارێکی ڕێگەپێدراو دەبێت واژۆ لەسەر فۆڕمەکان بکات.

ئەم فۆڕمانەی لای خوارەوە پڕبکەرەوە و بیانگەڕێنەرەوە:

1. **لاپەڕەکانی 2 و 3** ئەم فۆڕمە.
2. ***پەڕاوی خشتەی هاوکاریی منداڵی ویلایەتی واشنتۆن*** (هاوپێچ بکرێت). ئەو بەشانەی پەیوەندی بە تۆ و ماڵەوە هەیە پڕی بکەرەوە. DCS هەوڵ دەدات زانیاری لەسەر باری دارایی لایەنی بەرامبەر کۆبکاتەوە.
3. ***ئاشکراکردنی باری دارایی*** (هاوپێچ بکرێت). ئەم فۆڕمە پڕ بکەرەوە تەنها ئەگەر فەرمانی دادگا-ت پێیە.
4. ***فۆڕمی زانیاری نهێنی*** (هاوپێچ بکرێت). ئەم فۆڕمە پڕ بکەرەوە تەنها ئەگەر فەرمانی دادگا-ت پێیە.
5. ***پاشکۆی فۆرمی زانیاری نهێنی*** (هاوپێچ بکرێت) ئەگەر زیاتر لە ٢ مندالت هەبوو. ئەم فۆڕمە پڕ بکەرەوە تەنها ئەگەر ***فەرمانی دادگا***-ت پێیە.

ئەم دیکۆمێنتانەی (بەڵگەنامانەی) لای خوارەوە هاوپێچ بکە. ***ئەگەر ئەم دیکۆمێنتانەت نییە، بە نوسراوێک ڕوونکردنەوە بدە.***

1. کۆپی بەڵگەنامەی باجی دەرامەتی فیدڕاڵی، هی 2 جاری کۆتایی.
2. کۆپی پسولەی داهات، هی 3 جاری کۆتایی.

ئەو دیکۆمێنتانەی کە پێشکەشی دەکەی بە DCS دەکرێت لە لایەن بریکاری داواکار یان DCS- ەوە بدرێن بە لایەنی بەرامبەر ، یان بخرێتە ناو فایلی دادگاوە.

1. لایەنی بەرامبەر مافی بینینی هەر زانیاریەکی هەیە کە پەیوەستە بە باری دارایی تۆوە.
2. پێویستە زانیاری کەسیی خۆت وەک (ناونیشان، لەدایکبوون، ژمارەی سەلامەتی کۆمەڵایەتی (social security) ) لەسەر بەڵگەنامەکان لاببەیت پێش وادەی پێشکەشکردنیان.

**دەمەوێت DCS پێداچوونەوە بە فەرمانی هاوکاری منداڵەکەمدا بکات بە مەبەستی گۆڕینی لەبەرئەوەی** (ئەو چوارگۆشانەی پەیوەندی بە تۆوە هەیە دیاری بکە)

1. ☐ داهاتم گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.
2. ☐ داهاتی لایەنی بەرامبەر (بەخێوکەرەکەی دیکە) گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.
3. ☐ لە کەیسەکەی مندا، لانی کەم یەکێک لە منداڵەکان:
   a. ☐ 12 ساڵ یان زیاترە. ئەمە لەم فەرمانەی ئێستادا ئاماژەی پێنەکراوە.
   b. ☐ لە ماڵێکی دیکە دەژی.
   c. ☐ ناچێت بۆ قوتابخانە یان لە ماڵەوە دەژی.
4. ☐ پێویستە مەرجی بیمەی تەندروستی زیاد بکرێت بۆ فەرمانەکە.
5. ☐ خاوەن پێداویستی تایبەتم، دەستبەسەرم یان بەندکراوم.
6. ☐ هیتر (بە درێژی باسی بکە):________________________________________

لەوە تێدەگەم و ڕازیم بەوەی کە:

1. ئەگەر سەرجەم زانیاری داواکراو پێشکەش بە DCS نەکەم، DCS پێداچونەوە بە فەرمانەکەدا ناکات.
2. DCS پێداچونەوە بە کەیسەکەمدا دەکات بە مەبەستی دەستکاری کردنی یان گۆڕینی تەنها ئەو بڕگانەی کە پەیوەندیان بە هاوکاری و بیمەی تەندروستی منداڵەکەمەوە هەیە. DCS دەسەڵاتی ئەوەی نییە کە پێداچوونەوە بە فەرمانی دادگادا بکات سەبارەت بە گۆڕینی کەسی بەخێوکەر، سەردانی کردن و بینینی منداڵ، یان شتی هاوشێوەی دیکە.
3. ئەو زانیاریانەی پێشکەشی دەکەم لە لایەن DCS-ەوە بەکاردێن بۆ دانان و دەستکاری کردن و جێبەجێکردنی فەرمانی هاوکاری منداڵ.
   a. تەنها بۆ ئەم مەبەستانە DCS زانیاری دەدات بە داموودەزگاکانی دیکەی حکومەت.
   b. DCS ئەو زانیاریانە بڵاودەکاتەوە کە یاسا و ڕێسا فیدڕاڵی و دەوڵەتیەکان ڕێگای پێدەدەن.
   c. دەتوانم داوا لە DCS بکەم زانیاریم پێبدات سەبارەت بە زانیاری نهێنی و کەسیی بەخێوکەری بەرامبەر.
4. دوای پێداچونەوە بە داواکەمدا، DCS بەرزی دەکاتەوە بۆ بریکاری داواکار ئەگەر:
   a. DCS سەرجەم ئەو فۆڕم و زانیاریانەی بەدەستگەیشت کە لە لاپەڕە 3 دا داواکراوە.
   b. کەیسەکەم شمولی گۆڕانکاری کرد.

   تێبینی: DCS توانای پوچەڵکردنەوەی ئەو داوایانەی نییە کە ڕەوانەی بریکاری داواکار دەکرێن.
5. ئەگەر داواکەم شمولی پێداچونەوەی نەکرد لەڕووی یاساییەوە، DCS یان بریکاری داواکار دەتوانن بەرزکردنەوەی داواکەم بۆ دادگا، بە مەبەستی گۆڕانکاری کردن لە فەرمانی هاوکاری منداڵەکەمدا، پەسەند نەکەن وڕەتی بکەنەوە.
6. ئەگەر داواکاری گشتی بڕیاریدا گۆڕانکاری لە فەرمانەکە بکرێت، ڕۆژی دەستپێکی هەر گۆڕانکارییەک دەکرێت هەر ڕۆژێک بێت لە نێوان ڕۆژی تۆمارکردنی داواکە تا ئەو ڕۆژەی دادوەر واژۆ لەسەر فەرمانە نوێیەکە دەکات. دادوەر بڕیار لەسەر ڕۆژی کارپێکردنی فەرمانە نوێیەکە دەدات.
7. دەکرێت گۆڕانکاری لە فەرمانەکە ببێتە هۆی زیادبوون یان کەم بوونەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە وەک هاوکاری بە منداڵەکەم دەدرێت.
8. مافی ئەوەم هەیە داوا لە دادگا بکەم کە فەرمانی هاوکاری منداڵەکەم بگۆڕم.

______________________________ ڕۆژ　　______________________________ واژۆی دایک/باوک (بەخێوکەر)

______________________________ ڕۆژ　　______________________________ واژۆی بریکاری بەخێوکەر

______________________________ ناوی بریکاری بەخێوکەر

DIVISION OF CHILD SUPPORT
PO BOX 11520
TACOMA WA 98411-5520

لە ناوەوە ________________________ شوێنی پەیوەندی کردن ________________________

لە دەرەوە ________________________ شوێنی پەیوەندی کردن ________________________

خزموتگوزاریەکانی TTY/TDD بەردەستن بۆ ئەو کەسانەی کێشەی بیستن و قسەکردنیان هەیە.

سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە لەڕێی ئەم بەستەرەوە: www.dshs.wa.gov/dcs

مافی هەموو کەسێک پارێزراوە لە کارپێدانی، بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانمان، یان هەر چالاکیەکی دیکەی بەرنامەکەمان. نەژاد، ڕەنگی پێست، نەتەوە، شوێنی لەدایکبوون، ئیمان، ئایین، ڕەگەز، تەمەن یان هەبوونی کەمئەندامی نابنە هۆی جیاوازی کردن لە مامەڵەماندا. ئەگەر بتەوێت دەتوانیت بەشێوازی دیکە ئەم فۆڕمەت پێبدەین.

| (ئەم بەشە لەلایەن داموودەزگای تایبەت بە هاوکاری منداڵ-ەوە پڕدەکرێتەوە) For Child Support Agency Use Only | | | |
| --- | --- | --- | --- |
| AGENCY REPRESENTATIVE’S SIGNATURE | | | DATE |
| AGENCY P.O. BOX OR STREET ADDRESS | CITY | STATE | ZIP CODE |